# لەوەیە کەسێکی (قژ) شێواو کە لە پێش دەرگاکاندا دوور دەخرێتەوە (پاڵی پێوە دەنرێت)؛ ئەگەر سوێند بخوات لەسەر ئەوەی خوای گەورە شتێکی بۆ جێبەجێ بکات؛ ئەوا بۆی جێبەجێی دەکات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لەوەیە کەسێکی (قژ) شێواو کە لە پێش دەرگاکاندا دوور دەخرێتەوە (پاڵی پێوە دەنرێت)؛ ئەگەر سوێند بخوات لەسەر ئەوەی خوای گەورە شتێکی بۆ جێبەجێ بکات؛ ئەوا بۆی جێبەجێی دەکات».
[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە کەسی وا هەیە لەنێو خەڵکیدا؛ قژی پیس وتۆزاویە وچەوری ناکات وزۆر نایشوات، وهیچ ڕێز وقەدرێکی نییە لەلای خەڵکی ولە بەر دەرگاکانیان پاڵی پێوە دەنێن ودووری دەخەنەوە ئەگەر بیبینن؛ ئەمیش وەکو بەکەمدانانێك بۆی، بەڵام ئەگەر ئەم کەسە سوێند بخوات کە خوای گەورە شتێك جێبەجێ بکات ئەوا وەکو ڕێزلێنانێك بۆی؛ خوای گەورە وەڵامی داواکەی دەداتەوە، وسوێندەکەی لە شکاندن دەپارێزێت، ئەمیش بەهۆی فەزڵ وبەرزی پلەی لەلای الله.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3715

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee